# بەشی دووەم

# مێژووی کوردو کوردستان

قۆناغی یەکەم: مێژووی کۆنی کورد

قۆناغی دووەم :مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست

قۆناغی سێیەم : مێژووی نوێی کورد

قۆناغی چوارەم : مێژووی هاوچەرخی کورد

## قۆناغی یەکەم: مێژووی کۆنی کورد

### أ- شارستانیەتی کۆنی کورد

دانیشتوانی کۆنی کوردستان لە ئەشکەوت ژیاون وەك ئەشکەوتی (شانەدەر، هەزار مێرد، زەرزی، قزقاپان )

دواتر یەکەم گوند لە نزیك چیای برادۆست و ئەشکەوتی شانەدەر بونیاددەنێن بەناوی (زاوی چەمی)، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوازدە هەزار ساڵ بەر لە زاین، کەواتە یەکەم گوند لە مێژووی مرۆڤایەتی لە کوردستان بونیادنرا .

له دوای ئەمە ئیتر وردە وردە لە ناوچەکانی دیکەش لە گەڵ بەرەو پێشچوونی ژیان و زۆر بوونی دانیشتوان گوندی دیکەش دروستکران

لە گرینگترین ئەم گوندانەش:

- گوندی (چەرمۆ)یە لە نزیك چەمچەماڵ لە کوردستانی عیراق
- گوندی (نەمری) لە سنورەکانی باشوری شاری دهۆك
- لەم گوندانە دەست کرا بەکشتوکاڵ کردن و ئاژەڵ بەخێوکردن ، کەواتە یەکەم شۆرشی کشتوکالیش هەر لە کوردستان بوو.

## ب- دانیشتوانی کۆنی کوردستان

### أ -هۆزەکانی کۆنی کورد

لە کوردستانی کۆندا چەندین دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتی دیار هەڵکەوتوون لەوانەش : سوئی(سوباری)یەکان ، لۆلۆبیەکان، گۆتییەکان ، کاشییەکان ، میتانییەکان ، هەروەها میدیەکانیش لە میللەتانی بە ناوبانگی کوردستانی کۆنن و لە سەرەتادا ، تا ماوەیەکی درێژ هەر لە سەر شێوەی هۆزو تیرە ی بچوك دەژیان .

## ب- نەژادی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوو نوسانی کورد

بیروبۆچونی ڕۆژهەڵاتناسەکان لە بارەی نەژادی کورد لە یەك ناچێ و لە سەر زۆر شت ناکۆکن . بۆ نموونە نەژادی کورد بە بۆچونی ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی ( ژۆزێف پیتۆن ) دەگەڕێتەوە سەر خالدییەکان ، کەچی بەڕای (گالان ) کە ئەویش هەر فەرەنسییە دەگەڕێتەوە بۆ فارسەکان ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژهەڵاتناسی دیکەی وەکو فرێزەری ئینگلیز کاردۆخەکان بە باپیرە گەورەی کورد دادەنێت .

هەرچی مێژوو نوسانی کوردیشە ئەوا :-

(محمد ئەمین زەکی) لە کتێبی (خلاصە تاریخ الکرد و کردستان)

ڕەچەڵەکی کورد دەگەڕێنێتەوە بۆ :-

1-دانیشتوانی چیاکانی زاگرۆس ، کە نەتەوەکانی (سوباری، لولوبی ، گوتی(جوتی- جودی) کورتی، کاسای(کاشی))، میتانی، خالدی ، هوری ، نایری) دەگرێتەوە ، ڕەچەڵەکی کۆنی کوردانن.

2-چینی هیندۆ ئەوروپییەکان کە کۆچیان کردووە بۆ کوردستان لە سەدەی (10پ.ز) لە کوردستان نیشتەجێبوون لەگەڵ دانیشتووانە ڕەسەنەکەی کە بریتیبوون لە (میدییەکان و کاردۆخییەکان) و نەتەوەی کوردیان پێکهێناوە.

# ج- ناوی کوردستان له مێژوودا

کوردستان وەك ناوچە لە دێرزەمانەوە بوونی هەبووە پێش ئەوەی بە ئەم ناوە ناسراوبێت ناوی جۆراو جۆری بۆ بەکارهاتووە بۆ نموونە :

سۆمەری و بابلییەکان ناویان نابوو (کورتی)

ئاشوورییەکان ناویان نابوو (کورا قتیوم)

یۆنانیەکان ناویان نابوو (قاردو)

ڕۆمانیەکان ناویان نابوو (قاردشۆی)

عەرەبەکانیش ناویان نابوو (بلاد الاکراد) ، کە هەموو ئەمانە ئاماژە بوونە بۆ ناوچەکانی کوردنشین

**مێژووی بەکارهێنانی وشەی کوردستان وەك زاراوەیەکی ئیداری و جوگرافی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی، کە بۆ یەکەمجار نووسەر (نورالدين محمد عوفى) لەکتێبی (لباب الالباب) بەکاریهێناوە**

هەروەها جارێکی تر لە سەدەی دوازدەهەم ( سنجر ملکشاه ) سولتانی سەلجوقیەکان ناوی ویلایەتی( کوردستان)ی بەکارهێنا بۆ ئەو ناوچانەی دەکەوێتە نێوان ئازەربایجان و لورستانەوە. .

## قۆناغی دووەم :مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاست

## سەرەتاکانی پەیوەندی کورد بە ئاینی ئیسلام